# تاڵییەک لە دەممایە
# تاڵیی کوردبوون

هیوا قادر
(سلێمانی)



تاڵییەک لە دەممایە
تاڵی کوردبوون،
تاڵی دیسانەوە گوێگرتن لە هەواڵی کوشتنی
خۆم،
گەڕانەوە بۆ بادانی دوگمەی ڕادیۆکان و
بیستنی مەرگی خۆم لەناو خشە خشی
شەپۆلەکانی ئاسماندا.
سەیرکردنی لاشەی خۆم بەدەم سێدارەوە
کاتێک شەماڵ بە حاڵ دەیلەرێنێتەوە.

وەک ماسی ڕاودەکرێم و
مەرگم کەس ڕاناچڵەکێنێت،
سارد سارد سەیری شینایی ئاسمان دەکەم و
لەتاو تەنیایی خۆم
هەست دەکەم دەریا بەسەرمەوەیە.

تاڵییەک لە دەممایە
تاڵی کوردبوون،
تاڵییەک، ئاگرێک، ژەهرێکی شیرین
ژەهری کوردبوون
بە دەمارەکانمدا دێت و دەڕوا و هەر نامرم.
تەنیایی مانای خۆی لە کوردبوونم قەرز دەکات
بۆئەوەی غەمبارتر دەرکەوێت،
کوشتن قورسایی ترسی خۆی
لە بوونم قەرز دەکات
بۆ ئەوەی ترسناکتر بێت.

دیسانەوە

مەرگ و کورد و
کورد و مەرگ،
هاوکێشە بەردەوامەکەی بوونی من؛
دیسانەوە
جوانووە تازە زاوە بەجێهێڵراوەکە منم،
دیسانەوە
خوێنە چۆڕاوەکەی کەڵبەی گورگان منم،
دیسانەوە
دیسانەوە
کورد و جەنگ
جەنگ و کورد
بازنە بچووکەکەی قەدەری من.

تاڵییەک لە دەممایە
تابێت تەنیایی من گەورەتر و گەورەتر دەکات،
تا ئەو کاتەی خوداش بەغیلی بە تەنیایی من
دێت.

تاڵییەک لە دەممایە تاڵی کوردبوون....